# پروژەی ژنی کورد

## KURDISH WOMEN’S PROJECT

**c/o Priory Community Centre, Acton Lane, London W3 8NY**

بەڕێز کاک عومەر عەزیز

وێڕای سڵاو و ڕێز،

پرۆژەی ژنی کورد بە پێویستی دەزانێت سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەشی بەڕێزتان بکات بۆ بەشداریتان لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم، سوید لە ڕۆژانی 9 و 10ی مانگی ئەپریلی ساڵی 2005 دا.

هاوکاری بەڕێزتان لە ئامادەکاری و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسەکە، زۆر جێگەی قەدرە و زانیاری و ئەزموونێکی بەنرخ بوو بۆ پرۆژەی ژنی کورد.
هیوادارین هاوکاریتان لەگەڵ پرۆژەی ژنی کورد لە داهاتوودا بەردەوام بێت و بەتایبەتی لە بەدواداچوونەوەی پەیامی کۆتایی کۆنفرانس بە گوێرەی دەرفەت و ئەزموونی خۆتان یارمەتیدەرمان بن لەو ئەرکەدا.

پەیوەست لەگەڵ ئەم نامەیەدا پەیامی کۆتایی کۆنفرانس و هەڵسەنگاندنی پرۆژەی ژنی کورد لەسەر کۆنفرانسەکەتان پێشکەش دەکەین.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە،

پرۆژەی ژنی کورد

**2005/05/11**

# هەڵسەنگاندنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە سوید

پرۆژەی ژنی کورد بەم شێوەیە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد، کە لە ڕۆژانی 9 و 10 ی مانگی چواری ساڵی 2005 لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید بەڕێوەچوو، بە بیروڕای گشتی کورد و جیهان ڕادەگەینێت.

ئامانج لە ڕێکخستنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد باس و لێدوان لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە باشووری کوردستان و ئامراز و ئەرکەکان بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە بوو. هەروەها نواندن و نرخاندنی ڕۆڵی ژنانی کوردستان بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و پێکهێنانی دەرفەتێک بۆ ئافرەتانی کوردستان کە لە ئەزموونی ژنانیتری جیهان لەو ڕێبازەدا سوود وەرگرن.

ڕەزامەندی و پیرۆزبایی لە کۆنفرانسەکە، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی کۆنفرانس و خەڵکیتر کە بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەیان لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە بینیبوو، بۆ پرۆژەی ژنی کورد جێگەی خۆشحالی و شانازییە. ئێمە سەرکەوتنی ئەو کۆنفرانسە، سەرەڕای هەندێ کێشە و کەم و کووڕی، بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ کۆمەڵگەی کورد بەگشتی و بۆ ژنانی کورد بەتایبەتی دەزانین.

کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد دەرفەتێک بێ هاوتا بوو کە تیایدا توانرا هەوڵ و تێکۆشانی ژمارەیەک لە ژنانی پێشکەوتنخواز و تێکۆشەر و هەروەها پیاوانی یەکسانیخوازی گەلەکەمان بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کورد بە کوردی هەندەران و بە جیهان بناسێنرێت. کۆنفرانسەکە ئەو ڕاستییەی نواند کە ئافرەتان لە باشووری کوردستان کە دوورە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی، سەرەڕای زاڵبوونی سیستەمی باوکسالاری لە کۆمەڵگەدا، وەک ژنانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان

له پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، بە لێهاتوویی و وریاییەوە ڕۆڵی بەرچاو و بەرپرسانەی خۆیان دەگێڕن.

لەو کونفرانسەدا گوتاری ئەو ژنە کوردانەی کە ئازار و ئەشکەنجەی زۆڵم و زۆری نەتەوەیی، وەک کارەساتی 'ئەنفال'، و زەبر و زەختی نامرۆڤانەی کۆمەڵگەی نەریتی، وەک توندوتیژی و پەلاماری 'کوشتن بەپاساوی پاراستنی شەرەف' و هەروەها نایەکسانیی سیستەمی باوکسالارییان بە توندترین شێوە چەشتووە، وتار و کرداری نامرۆڤانەی چەوسێنەرانی بەتاڵکردەوە. سیمای بوێری 'نەبات' و 'بەیان' و هەڵوێستی ئازایانە و بەرپرسانەی ئەوان، ورەی ژنانی کوردی نواند و پەیامی کۆڵنەدان و هەڵمەتی بێ وچانیان بوو دژ بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەها بەو پەیامە بە کۆمەڵگەی کورد و بیروڕای گشتی جیهان ڕاگەیەندرا کە پێویستە لێرەولا بابەت و ناوەرۆکی کۆڕ و کونفرانسەکان لەسەر ئافرەتانی کورد بگۆڕدرێن. لەو کۆنفرانسەدا ئەو ڕاستییە خۆی نواند کە هاوکات لەگەڵ باسی کێشەکان و بێ مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کورددا، ناساندنی سیما و گەیاندنی پەیامی ژنانی تێکۆشەر و ئازای گەلەکەمان بە کۆمەڵگەی کورد و بە جیهان بووەتە پێویستییەکی مێژوویی.

ئاشکرایە پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسەکە و یارمەتی ماددی و مەعنەوی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و هاوکاری چەند ڕێکخراوی کوردی و نێونەتەوەیی و ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی چالاکی کورد سەرکەوتنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کوردی مسۆگەر کرد و ئەو لاینگری و هاوکارییە جێگەی قەدر و پێزانینە. لە ئاکامی پشتیوانیی و یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە ژمارەیەک بەرچاو لە ژنانی کوردستان توانییان بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسێکی دەرەوەی وڵات بەشداری چالاکانەیان هەبێت و بەو شێوەیە توانرا سیمای یەکگرتووی ئافرەتانی کوردستان بە کۆمەڵگەی کورد و ژمارەیەک لە کاربەدەستان و کەسایەتی ئەو وڵاتە پیشانبدرێت. بەو جۆرە خەڵک

له هەموو بەشەکانی کوردستان و له دەرەوه له خەباتی ژنان له باشووری کوردستان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و له پشتیوانیی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو هەوڵ و چالاکییانه ئاگادار کرانەوه.

خەڵکی سوید پێشتر له رێگای هەندێ کۆڕ و کۆنفرانس و به هۆی پرۆپاگاندای بەمەبەستی میدیای سویدییەوه، ژنی کوردیان تەنها وەک تێداچووی داب ونەریتی کۆن و توندوتیژی دەناسی و سیمایەک دزێویان له چۆنیەتی ژیانی ژنانی کورد و له کۆمەڵگەی کورد له بەرچاو بوو. بەڵام له ئاکامی ئەو کۆنفرانسه و بەتایبەتی پاش ئەوەی که پەیامی کۆتایی کۆنفرانس به بیروڕای جیهان ڕابگەیێندرێت و کاری شێلگیر بۆ داسەپاندنی بکرێت، ئەوان، ئافرەتانی کورد و کار و خەباتیان له بوارەکانی جۆراوجۆردا باشتر دەناسن. هەروەها هاوکاری و هاوخەباتیی ژنان له باشووری کوردستان و ژنانی کورد له پارچەکانیتر و له هەندەراندا دەتوانێت هاوخەباتیی ژنان وپێشکەوتنخوازانی جیهان لەگەڵ ژنانی کوردی به دواوه بێت که قۆناخێکی پربایەخ دەبێت له بزووتنەوەی ئافرەتانی کورددا.

پرۆژەی ژنی کورد کۆنفرانسەکه له چەند لایەنەوه بەسەرکەتوو دەنرخێنێت. تێما و ناوەرۆکی کۆنفرانسەکه و ڕادەی لێهاتوویی و زانیاری وتاربێژەکان و چالاکانیتر تایبەتمەندییەکی بەرچاوی به کۆنفرانسەکه دابوو. یەکگرتنەوەی ژنان و پیاوانی پارچەکانی کوردستان له سوید و هاوکاری بەرپرسانەی ئەوان لەگەڵ پرۆژەی ژنی کورد بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسه، تایبەتمەندییەکی تر بوو که کاریگەری راستەوخۆی له سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەدا هەبوو. بەشداریی نوێنەرانی چەند رێکخراوی ژنان و ئافرەتانی هەولێر و سلێمانی و ئافرەتانی چالاک له ڕێکخراوه و حیزبەکانی کوردی و ژنانی تێکۆشەری کورد له هەندەران، که بووه هۆی ناسینی یەکتری و بیروڕاگۆڕانەوەیان، دەسکەوتێکی هەره گرنگ و بەرچاو بوو بۆ ژنانی کورد.  ئەو هاوکاری و یەکگرتنەوەیه ئامانجی سەرەکی پرۆژەی ژنی کورد و ئامرازی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ژنانی کورده که خۆشبەختانه لەو کۆنفرانسەدا

بەدیهات. یەکگرتنەوە و هاوکاری ژنانی کورد لەو کۆنفرانسەدا ئەو راستیەی ئاشکرا کرد کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و چالاکانی بواری مافی مروڤ و ژنان، سەرەڕای جیاوازی هەڵوێست و چالاکی سیاسی و پەیوەندی و کاری حیزبایەتی، دەتوانن لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەی کورددا پێکەوە هاوکارییان هەبێت و سەرکەوتووبن.

بەداخەوە بە هۆی زاڵبوونی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە تورکیە، ئێران و سوریە کە گیروگرفتە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان بۆ خەڵکی کورد و بەتایبەتی بۆ ئافرەتان گرانتر دەکات، پرۆژەی ژنی کورد بۆی نەکرا کە نوێنەرانی ژنانی چالاکی کورد لە ناوخۆی ئەو وڵاتانە بۆ کۆنفرانسەکە بانگهێشت بکات. بۆشایی جێگەی ئەو ژنە نەبەز و لێهاتووانە لە کۆنفرانسەکەدا بەئاشکرا بەدیدەکرا، بەڵام پرۆژەی ژنی کورد بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان لە ساڵی 2006دا، هەوڵ بۆ رێکخستنی کۆنفرانسێکی تایبەتی دەدات لەسەر چالاکی ژنانی کورد لە چوارچێوەی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران، تورکیە و سوریەدا.

پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە و یارمەتی ماددی و مەعنەوی و ئاسانکاری هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکی سەفەری بەشدارانی کۆنفرانس لە کوردستانەوە تایبەتمەندییەکیتر لە سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەدا بوو. ئەو هاوکارییەی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە مێژووییەدا، هەنگاوێکی بەرچاو بوو بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی سیاسەتی پێشکەتووی حکومەتی هەرێم لە پێناو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەدا. ئێمە ئەو یارمەتییە بەنرخە وەک کارێکی پێویست و بەرهەمهێنەر بەمەبەستی سەرکەوتنی خەباتی یەکسانیخوازی و دێمۆکراتیکی گەلەکەمان بە گشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی دەنرخێنین و وەک نوختە گۆڕانێکی گرنگ دەیبینین لە پرۆسەی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کورددا.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە هەبوونی دەسەڵاتی کوردی و لاینگریی و پشتیوانیی کاربەدەستان لە چالاکی ڕێکخراوە و پرۆژەجۆراوجۆرەکان لە پێناو دابینکردنی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پاراستنی بەها مرۆڤایەتییەکان لە باشووری کوردستاندا، دڵخۆشیی و هاندەری ژنانی باشووری کوردستان دەبێت لە پەرەپێدانی خەباتی دیمۆکراتی و یەکسانیخوازییان. بەداخەوە ژنان لە پارچەکانیتری کوردستاندا لەو بەهرەیە بێبەشن، بەڵام هیواداریین هاوخەباتیی و هاوکاری هەموو ژنان و پیاوانی چالاک و پێشکەوتنخوازی کورد بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە لە باشووردا، بتوانێت مسۆگەری هێنانەدی گۆڕانکاری بنەڕەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت لەو بەشانەدا.

پرۆژەی ژنی کورد دەرچوونی پەیامی کۆتایی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد کە لەسەر خواست و پێشنیارەکانی بەشدارانی کۆنفرانس ئامادەکرا و پەیوەستی ئەم راپۆرتەیە، بە دەسکەوتێکیتری کۆنفرانسەکە دانەنێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەوڵ و تێکۆشان بۆ بەدواداچوونەوە و دابینکردنی خاڵەکانی ئەو پەیامە، باشترین هاوکاری و هاوخەباتییە لەگەڵ چالاکانی مافی مرۆڤ و ژنان و هاندەر و یاریدەرە بۆ کاربەدەستان لە باشووری کوردستان، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆیە پرۆژەی ژنی کورد داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و هەموو پێشکەوتنخوازانی گەلەکەمان و جیهان دەکات کە، لە پێناو پاراستنی بەها مرۆڤایەتییەکان و خزمەت بە یەکسانی و دادگەری، خۆیان بە بەرپرس بزانن و لە بەدواداچوونەوەی پەیامی کۆتایی کۆنفرانسدا هاوخەبات و یاریدەری ژنانی کورد بن.

پرۆژەی ژنی کورد
**2005/5/03**

# پەیامی کۆتایی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد

پرۆژەی ژنی کورد لە ڕۆژانی 9 و 10ی مانگی چواری ساڵی 2005 لە ستۆکهۆڵم، سوید، کۆنفرانسێکی لەژێر دروشمی "ژنانی باشووری کوردستان و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی" بەڕێوە برد.

ئەم کۆنفرانسە بە یارمەتی و پشتیوانی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە خۆشبەختانە ئێستا لە پرۆسەی پێکهێنانی حوکمەتی یەکگرتوودان، و هەروەها بە هاوکاری ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردی و نێونەتەوەیی و کەسایەتییەکان بەڕێوەچوو.

کۆنفرانس سەرکەوتنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە ئاکامی خەباتی نەتەوەیی و سیاسەتی یەکگرتووی حێزبە سیاسییەکان دەزانێت و بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرکۆماری عێراقی فێدڕاڵ، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، دەکات.

کۆنفرانس لێژنەیەکی لە پرۆژەی ژنی کورد و ڕێکخراوەکانی هاوکار و بەشداران لە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکەدا هەڵبژارد و لێژنەکە لەسەر ئەم خاڵانە بڕیاریدا:

## دەستوور و دەسەڵاتی سیاسی

لە دارشتنی دەستووردا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێن:

1. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت.
2. کار بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئافرەتان بە پێی سەرجەم پەیماننامە و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان.
3. پیادەکردنی یەکسانیی ژن و پیاو لە ئەرک و مافەکانیاندا لەسەر بنەمای پرۆژەی "سیاسەتی یەکسانی" حوکمەتی هەرێمی کوردستان.
4. بایەخدان بە کردنەوەی کۆرسی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بۆ کارمەندان و بەڕێوەبەرانی پۆلیس و دادگا و ئاسایش و شوێنە پێوەندیدارەکان بە مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافەکانی ژن.
5. چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەدا کە ڕەنگدانەوەی یەکسانیی ژن و پیاو بێت.
6. داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی تواناسازی بۆ ژنان و لەو ڕێبازەدا پشتگیری کردن لە چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان(NGOs).
7. پابەندبوونی دەسەڵاتی سیاسی بە سەرجەم ڕێککەوتننامە و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت، ئەنفال و جینۆساید.
8. دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال و داوای لێبوردن لە کورد لەلایەن حوکمەتی

نوێی عێراقەوە.

9. بەدواداچوون، سۆراخ گرتن و یارمەتیدانی ژنە ئەنفال کراوەکان، پشتگیری ماددی و مەعنەوی خێزانەکانی ئەنفال، دۆزینەوەی گۆڕی قوربانیانی ئەنفال و بەخاکسپاردنیان بە ڕێوڕەسمی شایستە.
10. بەدواداچوونەوەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و هەڵمەت بۆ ئەوەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕەسمی دان بەوەدا بنێت کە ئەو جینۆسایدە ڕووی داوە و بیکات بە بڕیار.
11. بەدادگادانی هەموو ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەی کە هاوکاری حکومەتی بەعسیان کردووە لە جینۆسایدی کورددا (بە ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانی و فەیلییەکانەوە).
12. دانانی قانوون بۆ پاراستن و زامنکردنی مافی کەمئەندامان و ئەو مرۆڤانەی لە ڕووی فیزیکی و مێشکییەوە بێتوانان.

## پەیوەندی چالاکی و ڕێکخراوەیی

1. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لەگەڵ دام و دەزگا حکومییەکان لە ڕێگای دیالۆگ و پرۆژەی هاوبەشەوە.
2. ڕەخساندنی بوار بۆ سەرجەم ژنانی بەتوانا و لێهاتوو بۆ بەشداری کردن لە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەلات بە بێ جیاوازی.
3. بەهێزکردنی پردی پەیوەندی و هاوکاری نێوان ژنانی کوردستان و ژنانی کورد لە دەرەوە.
4. سوودوەرگرتن لە ئەزموون و توانای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنانی جیهان بۆ ئەوەی کێشەی ژنی کورد بخرێتە ناو ڕۆژڤی نێودەوڵەتییەوە.

## میدیا و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی

- کەڵکوەرگرتن لە کەناڵە جیاجیاکانی میدیا بۆ بڵاوکرنەوەی زانیاریی دەربارەی بنەماکانی دیموکراسی و مەدەنییەت لە پێناوی هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیی کۆمەڵ.

کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم
2005/4/10